زنجیرەی
٤

پلاندان
ڕێکخستن

# پەیامەکانی کۆمەڵکاری

ئاراستەکردن
کۆنترۆڵکردن

د.عومەر عەلی

٢٠١٨

زنجیرە (٤)

# پەیامی کۆمەڵکاری

د. عومەر عەلی

٢٠٢٠

پەیامی قیبلە

رۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


ناوی کتێب: پەیامی کۆمەڵکاری

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (         )ی ساڵی (         )ی

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

## دەروازەیەك بۆ چوونە ژوورەوە:

ئەگەر ئێمە بەچاوێکی ڕوون، عەقڵێکی ژیر، دڵێکی بە ویژدانەوە بڕوانینە ئەو زانستانەی کە ڕێکخراون بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو ڕێکخستیان ئەوا دەتوانین بەبێ گومانیەوە بڵێین هیچی لە ئیسلام باشتری بۆ کۆمەڵگە پێ نی یە، هیچی وەك ئیسلام نەیتوانیووە کۆمەڵگە ڕێك بخات، هیچی وەك ئیسلام لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا نی یە بە گشتی، هەرچەند ئەمڕۆ وای لێهاتووە زۆر لەو زانستانەی کە هەڵقوڵای قورئان و شەریعەتن بە منەت پێمانی دەفرۆشنەوە، وەك وا بێت داهێنانێکی نوێیان کردبێت و لە نەبوونەوە شتێکیان هێنابێتە بوون، هەرچەند هەوڵی مرۆڤەکان بە گرنگ دانراوە لە شەریعەتدا، بەڵام لەو لاوە نابێت گرنگیە هەرە گرنگەکە کە سەرچاوەی ئەو توانایەیە کە خوای گەورە داویەتی بە مرۆڤەکان و بۆ بەرچاو ڕوونیش بەرنامەی ڕێنیشاندەری بۆ داناوە تا وەك بنەمای سەیرکەی، کاری لەسەر بکات و ژیریشی پێداوە بۆ زۆر لە ووردەکاریەکان بیری بۆ بکاتەوەو تواناکانی بۆ بخاتە گەڕو کارو کردەوەکانیان لەنێوان خۆیاندا ڕێکی بخەن و پێکەوەی گرێ بدەن بۆ بەڕیوەبردنی ئیش و کارو پێداویستیەکانیان،

کە وەك زانست و مێژوویش سەیری دەکەین زۆرێك دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی یوسفی ڕاستگۆ سەلامی خوای لەسەر بێت کە چۆن حکوومەتی دامەزراندو چۆن چۆنین کارەکانی بەڕێوەدەبرد، کۆمەڵگەکەی چۆن پێکەوە بەست بوو لە کۆمەڵکاریدا، هەرچەند ئیمە بەلامانەوە زۆر لەو سەردەمەش کۆنترەو بەڵکو دەیگەڕێنینەوە بۆ سەردەمی ئادەم و حەوا سەلامی خوایان لێ بێت، کە لەگەڵ دروست بوونی مرۆڤایەتیدا کاری کۆمەڵکاری و بەڕێوەبردن دەستی پێکردووە، خوای گەورە نەیووستووە مرۆڤەکان سەرگەردان بن و هەر لە یەکەم هەنگاوی ژیان و دروست بوونی مرۆڤایەتیەوە دەستی گرتوون و فێری کردوون کە چۆن ئیش و کارەکانیان بەڕێ بکەن و سوود لە تواناکانیان وەرگرن و سەرچاوەی بەرهەمەکانیشیان وایان لێ نەکات کە لە خوای گەورە دوور بکەونەوە، هەموومان چیرۆکی هابیل و قابلیمان بیستووەو کە چۆن هابیل بەدەستی قابیلی برای کوژرا لەسەر وەرگرتنی زەکاتی هابیل و وەرنەگرتنی زەکاتی قابیل، پەیامی خوای گەورە لەو بەسەرهاتەدا دیارە کە چاومان لە فەقیرو هەژار بێت و لەو بەرهەمەی کە بەدەستی دەهێنین بڕێکی دیاری کراوی بەسەر هەژاراندا ببەخشینەوە، کە ئەو بەخشینەوەش بەشی خۆیانەو پێیان دەدەینەوە، بەڵام دونیای سەرمایەداری ئێستە قابیل ئاسا دەستکاری ئەو بڕگانەیان کردووەو بەڵکو زۆر لە قابیل خراپتر کە هیچ پشکێك بە کەس نادەن کە بەشێکی ڕیبایان بۆ دەستەبەر نەکات، ئەمەیە گەورەی شەریعەت و کەلێن لەنیوان ئەو سستمانەی کە بە حسابی خۆیان بەڕێوەبردن و کۆمەڵکاریان بەم شێوەیە لێ کردووە، هەر دەستکاریەك لە دەستکاریەکانی تر کە لەم بوارەدا هەیە جگە لەوەی لە بەرژەوەنی کۆمەڵە کەسانێکی دیاری کراودایە هیچێکی تر نی یە، بەڵام یاسا ئیسلامیەکە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەیە بە گشتی، هەربۆیە لە شەریعەتیشدا فەزڵی کۆ بەسەر تاکدا دراوە، واتە شەریعە زەرەری تاکە کەسێکی قبوڵە لە

پێناو بەرژەوەندی گشتیدا، هەرچەند کە دەوترێت زەرەر لە ڕوانگە مادیە پوچە دونیایەکەوەیە، وەگەرنا ئێمە وەك مسوڵمان ئەو زەرەرە با لە ڕووی دونیاییەوە بەو شێوەیە دیار بێت، بەڵام خەیرێکی گەورەیە بەهۆی کەسێکەوە کۆمەڵێك کەس سوودمەند ببن، بەڵام ئەمڕۆی سەرمایەداری کرێکار وەك کۆیلە بەیانی تا ئێوارە کاری بۆ دەکات و زۆرترین ئەزیەتی دەبێت و کەمترین بەشی بەردەکەوێت، کەچی کۆمەڵێکی هورگ زل کەمترین ئەزیەت دەکیشن و زۆرترین دەبەن، لە ڕووی بەڕێوەبرن و سیاسەتیشەوە ئەوان پێشەوان و ئێمە ژێر دەستە، ئەوان حەکیم و ئێمە گەلۆر، مێژووی ئیسلامیش گەواهی لەسەر ئەو ڕاستیانە دەدات کە بەڕێوەبردن و کاری کۆمەڵکاریە ئیسلامیەکە تا ئەو ئاستەی لە چوارچێوە شەرعیەکە دەرنەچوو بوون سەرکردەکان بە پێچەوانەی سەرکردەکانی ئێستەوە زۆرترین ئەزیەت و کەمترین دەرامەتیان هەبووە، بەڵکو ئەوانیش وەك هەر تاکێکی ئاسایی بەشیان لە بەیتولمالدا هەبووەو لەسەر بستیك قوماشی زیاتر بەرانبەر عومەری کوڕی خەتاب وەستاونەتەوە کە بۆ دیسداشەکەی ئەو لە هی کەسێکی تری ئاسای درێژترە! ئەویش ڕەزای خوای لێ بێت لەگەڵ ئەوەی کە بە تووڕەش ناوی دەبەن هیچ کاردانەوەیەکی نابێت، بەڵکو شی دەکاتەوە کە بەشی کەسێکی ترەو بەوی داوە، بەڵام کوا بەڕێوەبەرەکانی ئەمڕۆ، بودجە بە ئاشکرا دەدزرێت و حەپەلوش دەکرێت کێ حەدی هەیە بتوانێت بەرگریان لێ بکات، هاوڵاتی دەبێت ئەم نانە بەو ڕۆنەی بێت و ئەوانیش داهێنان لە جۆری سەفەرو ڕابواردنی خۆیاندا بن، کۆمەڵگە وەك مێگەڵ لەپێش خۆیانی دەدەن و هەرکەس بەدڵی نی یە دەرگای سنورەکانی بۆ کراوەیەو بڕوات ملی بشکێنێت کەسیش نی یە بای بایەکی بۆ بکات!!! ڕێکخست و بەڕێوەبردن لە هەرە کارە گرنگە ئیسلامیەکانەو گرنگی یەکجاری لە شەریعەتدا پێدراوە، چۆنکە هۆکاری ژیان و خۆشبەختی پێوە بەندە، پەیوەندی بە ئابوری و ژیان و ئەمانی خەڵکەوەیە،

پەیوەنـدی بـە سیاسـەت و قیـادەوە هەیـە، چـۆن دەکرێـت گەلۆرێـك قیـادەت بـكات و لەسـەر دزی و ڕیبـا خـۆی لەپێـش بخـات و خەڵكـی لـە پـاش بخـات، خـوای گـەورە چـۆن ئـەوە قبـوڵ دەكات شـەرواڵ پیـس و زگ زل و تیرنەخـۆر ببێتـە بەڕێوەبـەری فەقیـری هـەژار، دەوڵەمەنـدەكان لـە ئـازاری تێـری زگیـان خەویـان لـێ نەكەوێـت و هەژارەكانیـش لـە ئـازاری برسـتێكی زگیانـدا بتلێنـەوە، خـوای گـەورە چـۆن باسـی بەڕێوەبردنـی نەكـردووە لـە قورئانـدا! قورئـان هەمـووی بەڕێوەبـەردن و ڕێكخسـتی ژیانـی مرۆڤەكانـە، خـۆ بـە قسـەی بەنـاو ڕۆشـنبیرێك ئـەو ڕاسـتیانەمان لەبیـر ناباتـەوە كـە ڕۆژانـە ئێمـە لـە قورئانەكـەدا دەیخوێنینـەوە، ئـەوان لـە نـە شـارەزاییانەوە قسـە دەكـەن و ئێمـە لـە شـارەزایمانەوەیە، ئـەوان تەجویدیـش نازانـن ئێمـە هەمـوو قورئانمـان لەبـەرە، چـۆن دەكرێـت بەڕێوەبـردن نیـوەی ژیـان و ئابووریـش نیوەكـەی تـری داگیـر كردبێـت و ئـەو شـەریعەتە گەورەیـە لێـی بـێ دەنـگ بووبێـت! ئەگـەر قورئـان پەیوەنـدی بـە بەڕێوەبـردن و ئابووریـەوە نەبێـت ئـەی دەبێـت ئـەو هەمـوو دەقـە باسـی چـی بـكات، چ عەقڵێـك تەقەبولـی ئـەوە دەكات و دەتوانـن لـە ناخـەوە بـڕوا بەخـۆی بهێنێـت ئیسـلام ئـەو چەمكـە گرنگانـەی لەبیـر چـوو بێـت.

## بەڕێوەبردن و كۆمەڵكاری

لێـرەدا دێینـە سـەر ئـەو چەمـك و كەرەسـتە گرنگانـەی لـە كاری بەڕێوەبردنـدا پێویسـت و گرنگـن و یارمەتـی دەری كارەكانـن بەشـێوەیەكی بـاش و خێـرا بگـەن بـە ئامانـج.

كاتێـك بـاس لـە بەڕێوەبـردن دەكرێـت واتـە پێویسـتە بەڕێوەبەرێكیـش هەبێـت، واتـە بەڕێوەبـەرو بەڕێوەبردن.

# چەمکە گرنگەکانی بەڕێوەبردن

ڕێکخراو: واتە کۆمەڵە کەسانێك پێکەوە کاربکەن بە هەماهەنگی بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو.
ئامانج: ئەو مەبەستەی کە دەیانەوێت لە داهاتوودا بەدەستی بهێنن.
بەڕێوەبردن: ڕێکخستنی تواناو کەرەستەکان و بەڕێکەوتن بە ئاراستەی دیاری کراوەوە ئەوانیش لە ڕێگەی.
١-پلان دانان.
٢-ڕێکخستن.
٣-ئاراستەکردن.
٤-کۆنترۆڵکردن.
دێیتە سەر ئەو خاڵانەی سەرەو بە ووردی بەڵام پێش ئەوە کۆمەڵێك چەمکی زیادە هەیە کە گرنگی لە کاری بەڕێوەبردندان هەیەو یارمەتی دەری زیاترە بۆ بەخێرا گەشتن بە ئەو ئامانجەی لە پلانەکەدا دیاری کراوە کە ئەوانیش: مرۆڤ، کەرەستە، زانیاری، سەرمایە.
مرۆڤ: کە باس لە کاری بەڕێوەبردن دەکرێت بێگومان مرۆڤەکانە هەڵ دەستن بە جێبەجێ کردنی کارەکان و هەر ئەوانن پلان دانەری بەڕێوەبردنەکەن و شتەکانی تر هەمووی دوای ئەمەوە دێن، هەربۆیە گرنگیەکی یەکجاری هەیە لە ڕووی ڕێژەیی ژمارەیشەوە بۆ کاری بەڕێوەبردن.
کەرەستە: ئامرازێکە بۆ خێرای و فراوان کردنی کاری بەڕێوەبردن بەشێوەیەکی فراوان و باشترو خێراتر، بۆ نموونە من ئێستە کۆمپیوتەر بەکار دەهێنم بۆ نووسینەوەی ئەم بابەتە لە باسی بەڕێوەبردندا، ئەگەر کەرەستە کۆنەکان بەکار بهێنرایە بۆی ئەوا بەم شێوەی ئێستە خێراو باشتر نەدەبوو.

زانیاری:زانیـاری کەرەسـتەیەکی مەعنـەوی گرنگـەو هـەر هـۆکاری زانیاریـە لەسـەر پـلان و ڕێکخسـتن و بەدەسـتهێنانی کەرەسـتەکان و سەرمایەشـدا.
سـەرمایە: بەبـێ بوونـی سـەرمایە کارەکان بـە سـەرکەوتووی بـە ئەنجـام ناگەیەنرێـت، بـۆ نموونـە ئێسـتە ئێمـە پێویسـتمان بـە کۆمپیوتـەرە، ئەنتەرنێتـە، کتیبە..تـاد، کـە ئەمانـە هەمـووی پێویسـتی بـە سـەرمایەیە بـۆ بـە ئەنجـام گەیاندنـی کارەکانمـان بـە سـەرکەوتووی و باشـتر، بێگومـان بەبـێ بوونـی سـەرمایە کاری بەڕێوەبـردن بەڕێـوە ناچێـن و کەلێـن و گرفتـی گـەورە دەکەوێتـە ناویـەوە.

## پلان دانان

پلان دانـان بریتیـە لـەو پرۆسەسـەی کە بەڕێوەبـەر دیـاری دەکات کـە ڕێکخراوەکەی لـە ڕێگەیـەوە بـگات بـە ئامانج.
چەند ڕێگەیەك هەیە بۆ ئەوەی پلان دانان سەرکەوتوو بێت وەك:
دیاری کردنی ئامانج.
چۆنیەتی بەرجەستەبوونی ئامانجەکان.
چۆنیەتی بەکارهێنانی کەرەستەکان.

## ڕێکخستن

لـە کاری ڕێکخسـتندا بەڕێوەبـەر کارەکان بەشـێوەیەکی پەیوەندیـدار پێکـەوە دەبەسـتێتەوە بەشـێوەیەك گشـت ئەندامـان بـە ئاراسـتەی ئامانج/ئامانجەکانیـان بـڕۆن.
دەکرێـت چەندەهـا بەشـی جـۆر بەجـۆر لـە ڕێکخسـتندا هەبێـت و لەگـەڵ جیـاوازی

کارو پلەکانـدا.
گرنگـە لـە کاری ڕێکخســتندا دەســتەڵاتەکان دیـاری کراوبـن و هـەر یەکـەو ســنورو بەرپرســیاریەتی خـۆی بزانێـت.

## ئاراستەکردن

پێویســتە بەڕێوەبـەر ئاراســتەکان دیـاری بـکات بەشـێوەیەکی ڕوون و واقعــی کـە ئەندامـان بتوانـن لـە شـوێنی بـڕۆن.

## بەدواداچوون

لەســەر بەڕێوەبـەر پێویســتە بـەدوای کارەکانـدا بـڕوات و هەڵـی بســەنگێنێت کـە تـا چەنـد بەســەرکەوتووی ڕۆشــتووەتە پێشــەوەو کەموکوڕیــەکان دەستنیشــان و چارەسـەر بـکات.
ئـەوەی لێـرەدا باسـمان کـرد تەنهـا وەك کردنـەوەی دەرگایـەك بـوو لـەم بـوارەدا بـە کـوردی.

# پێڕست

دەروازەیەك بۆ چوونە ژوورە------------------------------------------ ٣
بەڕێوەبردن و کۆمەڵکاری ------------------------------------------------ ٦
چەمکە گرنگەکانی بەڕێوەبردن------------------------------------------ ٧
پلان دانان------------------------------------------------------------------ ٨
ڕێکخستن-------------------------------------------------------------------٨
ئاراستەکردن---------------------------------------------------------------٩
بەدواداچوون---------------------------------------------------------------٩

ئەگەر ئێمە بەچاوێکی ڕوون، عەقڵێکی ژیر، دڵێکی بە ویژدانەوە بڕوانینە ئەو زانستانەی کە ڕێکخراون بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاو ڕێکخستیان ئەوا دەتوانین بەبێ گومانیەوە بڵێین هیچی لە ئیسلام باشتری بۆ کۆمەڵگە پێ نی یە، هیچی وەك ئیسلام نەیتوانیووە کۆمەڵگە ڕێك بخات، هیچی وەك ئیسلام لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا نی یە بە گشتی، هەرچەند ئەمڕۆ وای لێهاتووە زۆر لەو زانستانەی کە هەڵقوڵای قورئان و شەریعەتن بە منەت پێمانی دەفرۆشنەوە





د.عومەر عەلی


٢٠١٨

ISBN 978-168454167-6